نوێنەری سەرۆك کۆمار ئامادەی پرسەی خوێندکارێکانی بەسە دەبەت و بریندارێکانیش بەسەردەکاتەوە



نوێنەری سەرۆك کۆمار راوێژکار جەمال محەممەداوی سەرخۆشی و هاوخەمی سەرۆك کۆماری گەیاند بە خانەوادەی ئەو خوێندکارانەی لە پارێزگای بەسە بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانیان لەدەستدا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە:-نوێنەری سەرۆك کۆمار لە میانی ئامادەبوونی لە پرسەکەدا ئاماژەی بۆکرد، کە بەڕێز سەرۆك کۆمار بەهۆی پابەندبوونەکانی لە بۆغداد نێتوانیوە لە پرسەکەدا لە بەسە ئامادەبێت. باسی لەوشکرد، کە بەڕێز سەرۆك کۆمار جەختیکردۆتەوە لە پەویستی پشکشکردنی پشتیوانی و گرنگیدان بە خانەوادەی قوربانیان، کە تووشی ئەو رووداوە بە ئازار بون و یارمەتیدانیان بە تێپەاندنی ئەو بارودۆخە سختە.

محەممەداوی دوپاتیکردەوە، کە سەرۆك کۆمار راستەوخۆ دوای رووداوەکە لە نزیکەوە بەدواداچوونی کردوە. هەروەها نوێنەری بەڕێز سەرۆك کۆمار ئەو بریندارانەی رووداوەکەی بەسەرکردەوە، کە لە نەخۆشخانەی فەرکاریی سەدر و نەخۆشخانەی فەرکاری مەوانی چارسەر وەردەگرن و سەاوی سەرۆك کۆماری پێگەیاندن و هیوای چاکبونەوەی خێرای بۆ خواستن.

